# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (٢٠٠٠ – ٢٠١٨)

م. عطا حمەلاو حمەیوسف، م. هاودین کامل علی
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

**ملخص البحث**

البحث حول الزياده الطبيعية لسكان اية منطقة من مناطق العالم تعد بموضوع مهم جــدا، لأن تلك دراسات ستكون وسيلة رئيسية مهمة من قِبَل المخططين لعملية تخطيط وتعين مستلزمات السكان وحجم عدد سكانها في المستقبل.

لأهمية تلك دراسات قاموا الباحثين بعملية البحث حول الإزدياد الطبيعي لسكان قضاء جمجمال من سنوات ( ٢٠٠٠ – ٢٠١٨) البحث يشير الى اهم العناصر التي لها تأثيرها الكبير حول ازدياد عدد سكان هذا القضاء، ويحلل للأسباب المؤثرة حول ازدياد سـكان القضـاء، وفي النتيجة وصـلت البحث الى مجموع عملية الولادة في المنطقة هي (٣٢,٤) في الالف و الوفاة كانت (٠,٣) ففي اختلاف كلا العنصــرين حصــلنا على مجموع الإزدياد الطبيعي التي كانت هي (٣٢,١) في الف، ولمجموع الإزديـاد الطبيعي تـأثير عـالي حول ازديـاد ســكـان المنطقـة المبحوثـة عليهـا،لمعـالجـة الخلـل والنواقص للإحصـائيات يوصــي البحث بفتح سـجل الولادة والوفيات في كل الوحدات الإدارية في المنطقة و وتحصـيل التعداد الألكتروني للأحصـــائيات الموجودة للوفيات والولادات الموجودة، مع فتح الدائرة الطب العدلي في المنطقة المحوثة عليها.

**Abstract**

Research on the nature of population growth in any place is considered an important subject, because planers use these types of researches as a main tool in the process of planning, identifying both population needs, and the magnitude of future population growth.

Because of the importance of these types of researches, researchers have carried out researches on the nature of population growth in chamchamal district between the years(2000_2018).the research identifies the most important factors that affect the nature of population growth in the district and it analyzes those factors that affected the nature of population growth in the district،The result of the research shows that the totall birth rate in the district was (32.4) person in a thousand and the death rate was ( 0.3) person in a thousand. Also, the total natural growth that was (32.1) person in a thousand was obtained by getting the differences of the two birth and death rates. This shows that the total increase in the nature of the population in the district of the research had a good impact on population growth. The Research suggests solving any problems in the data by opening both death and birth documents in all the administrative unites in the researched areas, transferring the available death and birth data into electronic forms, and opening forensic medicine departments in the research areas.

**پێشەکی :**

بابەتی زیادبوونی دانیشــتوان لەو بابەتە دیمۆگرافیە گرنگانەیە، کەبووەتە جێگەی بایەخی چەندین لێکۆڵینەوەو زانستی جیاواز بەگشتی و لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای دانیشتوان بەتایبەتی، چونکە لەڕێگەی لێکۆڵینەوەکردن لەسەر زیادبوونی سـروشـتی دانیشـتوان دەتوانیت وێنەیەکی ڕون وئاشـکرات لەسـەر تەواوی دانیشـتوان دەسـت بکەوێت لەڕوی گەشــەیان و دابەشــبوونیان و بەراوردکردنیان لەگەڵ دەرامە ســروشــتیەکان و ئاســت وبڕی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانیان، هەروەها لەڕێگەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەوە دەتوانرێت ئەو گۆڕانکارییانەش بزانرێت کە بەســەر قەبارەی دانیشــتواندا دێت، وە لەڕێگەی ئەو جۆرە زانیارییانەی کە لەم لێکۆڵینەوانەوە دەســتدەکەوێت دەتوانرێت ســودی لێوەربگیرێت بۆ پرۆســەی پەرەپێدان و چارەســەرکردنی ئەو کێشــانەی کەبەبەردەوامی دوچاری دانیشـتوان دەبنەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەم لێکۆڵینەوە لە زیادبوونی سـروشـتی دانیشـتوانی قەزای چەمچەماڵ دەکۆڵێتەوە لەگەڵ دەرخستنی ڕەگەزە سەرەکیەکان و ئاست و تێکڕای زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی ئەم قەزایە.

**ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە :**

قەزای چەمچەماڵ یەکێکە لە قەزا گەورەکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی، لەڕوی پێگەی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (١٤‚″٥٦‚′٣٤°° بۆ ٤٦‚″٥٢‚′٣٥°)ی باکورو هێڵی درێژی ( ٤٢‚″٣٧‚′٤٤° بۆ ٥٦‚″٢٥‚′٤٥°) ی ڕۆژهەڵات، واتە دەکەوێتە بەشــی باشــوری ناوچەی مامناوەندی باکوری گۆی زەوییەوە، وە لەڕوی پێگەی جوگرافیشــەوە قەم قەزایە هەڵکەوتەیەکی گرنگی هەیە چوونکە بووەتە ناوەندێك بۆ پێکەوە بەسـتنەوەی هەرسـێ پارێزگای (سـلێمانی) لەبەشی ڕۆژهەڵاتی و پارێزگای (هەولێر) لەبەشی باکوری و پارێزگای (کەرکوك) لەبەشی ڕۆژئاوایەوە، لەگەڵ قەزاکانی (کەلار و کفری) لەبەشــی باشــورییەوە (نەخشــەی ١ و ٢ )، لەڕوی کارگێڕیشــەوە ئەم قەزایە لە (٧) ناحیە پێکهاتووە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (٣٢١٩,٢)کم٢ یە کە دەکاتە نزیکەی (٢٨,١٪)ی کۆی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی (نەخشەی ٢).

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە :** گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە هەڵدەســتێت بەخســتنەڕووی ئەو گۆڕانکارییانەی بەســەر ڕەگەزەکانی لەدایکبوون و مردن و ئاســت وتێکڕای زیادبوونی سـروشـتی دانیشـتوانی قەزای چەمچەماڵدا هاتووە بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :** ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیە لە شــیکردنەوەی بارودۆخی زیادبوونی ســروشــتی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ لەماوەی نێوان ساڵانی ( ٢٠٠٠ – ٢٠١٨)دا، لەگەڵ ڕاڤەکردنی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی زیادنی سروشتی دانیشتوان هەبووە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :** لەپێناو گەیشــتن بە دەرەنجامی دروســت لێکۆڵینەوەکە میتۆدی (شــیکاری وەســفی و بەراوردکاری) پیادەکردووە، بەشــێوەیەك میتۆدی شــیکاری بەکارهێناوە بۆ شــیکردنەوەی ئەو داتاو زانیارییانەی پێویســتیان بە شــیکردنەوە هەیە، میتۆدی بەراوردکاریش بەمەبەســتی بەراوردکردن لەنێوان قەزای چەمچەماڵ و پارێزگای سلێمانیدا.

هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە: هۆکاری هەڵبژاردنی قەزای چەمچەماڵ بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم قەزایە هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگی هەیە و بەبەردەوامی بارودۆخە ئاڵۆز و سیاسیەکان کاریگەرییان لەسەر دانیشتوانی ئەم قەزایە هەبووە، لەبەر ئەوە توێژەران ویستویانە ئەوە ڕون بکەنەوە لەماوەی لێکۆڵینەوەدا ئایا ئاست وتێکڕای زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی ئەم قەزایە چۆن بووەو بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات.


**پلانی لێکۆڵینەوەکە:** بەمەبەســتی پێکانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، لێکۆڵینەوەکە دابەشــکراوە بۆ پێشــەکی و دەروازەیەك و سێ تەوەر و دەرەنجام و ڕاسپاردە، بەشێوەیەك تەوەری یەکەم تایبەتە بە (لەدایکبوون "الولادات") کە تێیدا ڕۆڵی پرۆســەی لەدایکبوون لەزیادبوونی ســروشــتی دنیشــتوان و ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەســەر لەدایکبوون لەقەزای چەمچەماڵدا خراوەتە ڕوو، لە تەوەری دووەمدا ( مردن "الوفيات") و کاریگەری لەسەر زیادبوونی سروشتی دانیشتوان و ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر بەرزونزمی مردن لە قەزاکەدا خراوەتە ڕوو، پاشان ئاست و تێکرای زیادبوونی سروشتی دانیشتوان بابەتی تەوەری سێیەمە.

لە کۆتاییشدا لەبەر ڕۆشنای ئەو تەوەرانەدا توێژەر بەچەند دەرئەنجامێك گەیشتووە.

**گرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە :** لەگرنگترین گیروگرفت لەبەردەم نووســینی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەدا بریتی بوو لە کەمی داتا وئاماری تایبەت و پێویست بۆ لێکۆڵینەوەکە لە فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی قەزاکەدا.

نەخشەی (١)

پێگەی جوگرافی قەزای چەمچەماڵ بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە:


- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی نەخشەسازی و GIS، نەخشەی قەزای چەمچەماڵ بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق، ٢٠١٨.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

نەخشەی (٢)

یەکەکارگێڕییەکانی قەزای چەمچەماڵ و دەوروبەری ساڵی (٢٠١٨)




سەرچاوە:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی نەخشەسازی و GIS٢، نەخشەی بنەڕەتی قەزای چەمچەماڵ و یەکە کارگێڕییەکانی، ٢٠١٨.

**دەروازە**

**ڕەگەزەکانی زیادبوونی سروشتی دانیشتوان**

مەبەست لە زیادبوونی سروشتی بریتیە لە جیاوازی نێوان تێکڕاکانی لەدایکبوون و مردن[١]، هەروەها بەڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت لە خەملاندنی گەشەی دانیشتوان لەهەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیدا, بەبنچینەیەك دادەنرێت لە توێژینەوەکانی تایبەت بە قەبارەی دانیشتوان و پێشبینیکردن بۆ ئایندەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان[٢]، مەیل و ئارەزوی خۆڕسکی مرۆڤ پاڵنەری مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتین، مرۆڤیش بەشێوەیەکی سروشتی و بەبەردەوامی ژمارەی لە زۆربووندایە، کەمجاریش هەیە پێچەوانەکەی ڕوبدات و لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی مردوان یان بەهۆی کۆچەوە قەبارەی دانیشتوان کەمبوبێتەوە، ئەمەش کارێکە تەنها لە بارودۆخێکی تایبەتدا ڕودەدات وەك (جەنگ، نەخۆش و پەتا، برسیەتی)[٣].

ئەگەرچی لەدایکبوون و مردن بەدوو دیاردەی بایۆلۆجی جیاواز دادەنرێن، بەڵام چەند فاکتەرێکی تر هەن کار لە زیادبوون و کەمبوونی ڕێژەی لەدایکبوون و مردن دەکەن، وەك فاکتەرەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، هەروەها هەموو لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیایی کە لەسەر دیاردەکانی لەدایکبوون و مردن (زیادبوونی سروشتی) ئەنجامبدرێت ئیتر چ لەسەر ئاستی دەوڵەت بێت یان لەسەر ئاستی یەکەیەکی کارگێڕی بچووك بێت پێویستی بە ئاماری ژیارییەکان (ألاحصاء الحیوی) هەیە، بەڵام ئەم ئامارانەش دەست ناکەون ئەگەر هەندێك جاریش دەستکەوتنیان مەحاڵ نەبێت، بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی گەشەسەندوو، بەو پێیەی هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە وڵاتی عێراق دەچێتە ڕیزی ئەو وڵاتانەوە ، هەبوونی ئاماری تایبەت بە زیادبوونی سروشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی پارێزگایەك یان یەکەیەکی ئیداری بچوکتر وەك قەزاو ناحیەیەك و بەدەستهێنانی توێژەر توشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر دەکات، چونکە وڵاتی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەو ناوچانە نیە ڕوداوەکانی لەدایکبوون و مردنی تێدا بەشێوەیەکی ڕێك وپێك تۆماربکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی جۆرا وجۆری ئەو داتا و ئامارانەش کە لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی هەن لەدایکبوون و مردن بەشێوەیەکی ڕاست ناخەنە ڕوو، کە یارمەتیدەربێت بۆ پێوانەکردنی ڕاست و دروستی پلەی گەشەی دانیشتوان[٤]، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان سیاسەتی حکومەت کە گرنگی و بایەخ نادات بەم جۆرە داتاو ئامارانە، هۆکاری دووەمیان پەیوەندی بە کەمتەرخەمی هاوڵاتیان خۆیانەوە هەیە، کە وەك پێویست دیاردەکانی لەدایکبوون و مردن تۆمارناکەن بەتایبەتی دانیشتوانی نیشتەجێی

---

( ١ ) زیادبوونی سروشتی لەڕێگەی لێدەرکردنی ژمارەی مردوان لە ژمارەی لەدایکبوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا دیاریدەکرێت بەپێی ئەم هاوکێشەیە: $P = (N - M)$

P = زیادبوونی سروشتی دانیشتوان

N = ژمارەی لە دایکبووان

M = ژمارەی مردوان

بڕوانە:

- فاضل الأنصاری، سکان العراق دراسه الدیموغرافیه – جغرافیه مقارنه، ط١، دمشق، ١٩٧٠، ص٤٨.

(٢) طه حمادی الحدیثی، جغرافیه السکان، دار الکتب للطباعه والنشر، موصل، طبعه ثانیه، ٢٠٠٠، ص306.

(٣)خلیل أسماعیل محمد ، قضاء خانقین(دراسه فی الجغرافیه السکان)، منشورات مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیه، السلیمانیه،٢٠٠٢، ص١٠١.

(٤) جزا توفیق طالب، المقومات الجیوبولتیکیه للأمن القومی فی أقلیم کوردستان، مرکز کردستان للدراسات الأستراتیجیه، السلیمانیه، ٢٠٠٥، ص١٨٩.

گوندەكان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ماوەی لێكۆڵینەوە تاڕادەیەكی باش داتاكانی تایبەت بەڕەگەزی لەدایكبوون نزیكن لە ڕاســـتیەوە چونكە ئەو ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ دوای ســـاڵی (١٩٩٧) و جێبەجێكردنی بەرنامەی (نەوت بەرامبەر خۆراك) و بەهۆی دابینكردنی بەشـــە خۆراكەوە هاوڵاتیان لەدایكبوونیان تۆماركردووە بەڵام لەبەرامبەریشـــدا هەندێك جار مردووەكانیان تۆمارنەكردووە لەبەر نەبڕینی بەشـــەخۆراكی مانگانەكەی، یاخود هەندێك حاڵەتی لەدایكبوون و مردنی ئەم قەزایە لە ناوچەكانی دەرەوەی ئەم قەزایە تۆماركراون.

لەبەر ئەوەی زیادبوونی سـروشـتی بەڕەگەزێكی گرنگی گەشـەی دانیشـتوان دادەنرێت و لە ئاكامی جیاوازی نێوان ژمارەی لەدایكبووان و مردوان زیادبوونی سروشتیمان بۆ دەردەكەوێت وا باشترە بە تەوەری جیا باس لە لەدایكبوون و مردن بكەین و پاشان تێكڕای زیادبوونی سروشتی دەربهێنین.

### تەوەری یەكەم : لەدایكبوون (الولادات)

لەدایكبوون هۆكاری ســـروشـــتی زیادبوونی ژمارەی دانیشـــتوانە، دیاردەیەكی بایۆلۆژی و شـــارســـتانیە ناكرێت لەهەلومەرجی كۆمەڵایەتی و ئابوری كۆمەڵگە داببڕێت، ســـەرباری ئەوەی لەدایكبوون دیاردەیەكی بایۆلۆژیە و پەیوەندی بەخواستی مرۆڤەوە هەیە، واتە پێچەوانەی مردنە، كە خواستی مرۆڤی تێدا نابینرێت،قەبارەی لەدایكبوون پشت بەچەند هۆكارێكی ئابوری و كۆمەڵایەتی و مێژووی دەبەستێت، هەر لەبەر ئەمەشە ناتوانرێت لەگەڵ بارودۆخە جۆراوجۆرەكانی دانیشـــتوان جیابكرێتەوە[٥]، بەشـــێكی زۆری ئەو لێكۆڵینەوە تیۆری و زانســـتیانەی لەم بوارەدا ئەنجامدراوون ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن لەدایكبوون هۆكارێكی سـەرەكیە لە كۆنترۆڵكردنی دانیشـتوانی هەر كۆمەڵگایەك لەڕوی گەشە و پێكهاتەو كەمكردن و زیادبوونی دانیشتوانەكەی لە بارودۆخە جیاوازەكاندا[٦].

جێگەی ئاماژەیە داتاكانی تایبەت بە لەدایكبوون لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا وەك ناوچەكانی تری پارێزگای سلێمانی و هەرێمی كوردستان چەندین كەم وكورتیان تێدایە وەك: [٧]

١- نەبوونی یاســـایەكی توند بەشـــێوەیەك هاوڵاتیان ناچاربكات كردارەكانی لەدایكبوون تۆمار بكەن، ئەمەش وایكردووە بەشێكی دانیشتوان لەكاتی پێویست دا نەبێت لەدایكبوون تۆمار نەكەن بەتایبەتی گوندنشینان.

٢- مردنی منداڵان لەسەرەتای تەمەنیاندا دەبێتە مایەی تۆمارنەكردنیان.

٣- تۆماركردنی هەندێك لە ڕەگەزەكانی لەدایكبوون لەدەرەوەی شـــوێنی نیشـــتەجێبوونی ئەو خێزانانەی منداڵەكەیان بووە.

٤- سیاسەتی حكومەت (میری) كاریگەری هەیە لەسەر كەموكورتی ئەم جۆرە داتایانە بەدوو شێوە:

أ- حكومەت ژمارەی دانیشتوانی كردووەتە پێوەر بۆ كردنەوەی بەشی تۆماری لەدایكبووان و مردوان، واتە هەر شـــارێك (ناوچەیەك) ژمارەی دانیشـــتوانی زۆر نەبێت ئەوا ئەم ناوەندە گرنگەیان بۆ ناكاتەوە، بەم پێیەش لەقەزای چەمچەماڵدا تەنها لەســـەنتەری قەزاكەدا ( شـــاری چەمچەماڵ) ئەم ناوەندە گرنگە بوونی هەیە، ئەمەش وایكردووە

---

(٥) خلیل أسماعیل محمد ، قضاء خانقین (دراسه فی الجغرافیه السكان)، المصدر السابق، ص٩٤.

(٦) انعام سمیر محی العبادی، (قضاء المدائن) دراسه فی جغرافیه السكان ١٩٧٧-١٩٩٧، رساله ماجستر، كلیه التربیه، جامعه بغداد، ٢٠٠٢، ص٧٠.

٧() جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیكی دانیشـتوانی هەرێمی كوردسـتانی عێراق، لەبڵاوكراوەكانی سـەنتەری لێكۆڵینەوەی سـتراتیجی كوردستان، چاپی یەكەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٥٦.

هەموو پرۆسـەیەكی لەدایكبوون بەڕێك وپێكی تۆمارنەكرێت و هەندێك جار ئەم پرۆسـەیە لە دەرەوەی قەزاكە تۆماربكرێت.

ب- جۆراوجۆری ئەو شـوێن و ناوەندانەی پرۆسـەی لەدایكبوونی تێدا تۆماردەكرێت، بۆ نمونە لە قەزای چەمچەماڵدا لەكاتی پرۆسەی لەدایكبوونەوە تا ماوەی (١٥ ڕۆژ) منداڵی لەدایكبوو لەناوەندی تۆماركردنی لەدایكبووان ومردوان لە نەخۆشخانەی (شەهید پێشڕەو) تۆماردەكرێت، لەدوای ئەو ماوەیەوە پێویستە پرۆسەی لە دایكبوونەكە لە دادگا تۆماربكرێت بەبێ ئەوەی دواتر ئاماری ئەو پرۆسانەی لەدایكبوون كە لەدادگا تۆماركراون بدرێنەوە بە ناوەندی تۆماری لەدایكبووان و مردووان لە نەخۆشخانەی (شەهید پێشڕەو).

بەڵام سـەرباری كەم وكورتی ئەم جۆرە داتایانە و لەبەر نەبوونی داتای باشـترو ڕێكوپێكتر ناچارین پشـتیان پێببەسـتین و بەكاریانبهێنین، وە بۆ خسـتنەڕوی ڕۆڵی پرۆسـەی لەدایكبوون لەزیادبوونی سـروشـتی دانیشـتواندا پێویسـتە پەنا ببەینە بەر بەكارهێنانی هاوكێشـەی ڕێژەی گشـتی لەدایكبوون، ئەم هاوكێشـەیە ڕێژەی لەدایكبوونیساڵێكی دیاریكراومان دەداتێ بەبەراوردكردن لەگەڵ هەر هەزار كەسێكی سەرجەمی دانیشتوان لەنیوەی هەمان ساڵدا بەپێی ئەم هاوكێشەیە:[٨]

$$\text{ڕێژەی گشتی لەدایكبووان} = \frac{\text{ژمارەی لەدایكبووانی زیندوی ساڵێك}}{\text{ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی هەمان ساڵدا}} \times 1000$$

بەپشت بەستن بەم هاوكێشەیەو بەتێڕوانین لە خشتەی (١) ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە تێكڕای ڕێژەی لەدایكبوون لە قەزای چەمچەماڵ لە ماوەی لێكۆڵینەوەدا لەهەزاردا (٣٢,٤) كەس بووە و لەبەرامبەریشـدا لە پارێزگای سـلێمانیدا لەهەزاردا (١٩,٧) كەس بووە، ئەم ڕێژەیەش بەدرێژای ماوەی لێكۆڵینەوە بەرزونزمی (هەڵكشـان وداكشـانی) زۆری بەخۆیەوە بینیوە بەشـێوەیەك بەرزترین ڕێژەی لەدایكبوون لە قەزای چەمچەماڵ كەوتووەتە سـاڵی (٢٠٠٠)وە كە ڕێژەكەی لە هەزاردا (٤١,٩)كەس بووە، هۆكاری بەرزی ڕێژەی لەدایكبوون لەم سـاڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك لەساڵی (١٩٩٧)و ساڵانی دواتردا، كە بوویە هۆی باشـتربوونی ڕەوشـی ئابوری و تەندروستی دانیشتوان بەشێوەیەكی گشتی ، هاوڵاتیانیش لەپێناو دەستەبەركردنی بەشەخۆراكی زیاتردا هەوڵیانداوە بەشـێوەیەكی ڕێك وپێك منداڵەكانیان لە تۆمارەكانی لەدایكبووندا تۆماربكەن، بەڵام لەبەرامبەردا بەرزترین ڕێژەی لەدایكبوون لە پارێزگای سـلێمانیدا كەوتووەتەسـاڵی (٢٠١٤)ەوە كە ڕێژەكەی لە هەزاردا (٢٢,٩) كەس بووە، هۆكاری بەرزی ڕێژەی لەدایكبوون لە پارێزگای سلێمانیدا لەم ساڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێك وپێكی .

---

(٨) فوزي سهاونه و موسى عبوده سمحه، جغرافيه السكان، دار الوائل للنشر،عمان، ٢٠٠٣ ، ص١٤.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی (١)

ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای چەمچەماڵ و پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠ – ٢٠١٨)

| ساڵ | قەزای چەمچەماڵ | | | پارێزگای سلێمانی ڕێژە (لەهەزاردا)(٣) |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا(١) | ژمارەی لەدایکبووان لە قەزاکەدا (٢) | ڕێژە (لەهەزاردا) لە قەزاکەدا | |
| ٢٠٠٠ | ١٠٣٦٠٧ | ٤٣٥٠ | ٤١،٩ | ٢٠،٣ |
| ٢٠٠٢ | ١٠٩٩١٧ | ٣٧٥٠ | ٣٤ | ١٩،٥ |
| ٢٠٠٤ | ١١٦٦١١ | ٤٣٢٥ | ٣٧ | ١٨،٧ |
| ٢٠٠٦ | ١٢٣٧١٣ | ٤٢٢٥ | ٣٤ | ١٨ |
| ٢٠٠٨ | ١٣١٢٤٧ | ٤٤٥١ | ٣٤ | ١٦،٩ |
| ٢٠١٠ | ١٣٩٢٤٠ | ٤٠٢٥ | ٢٩ | ١٨،٤ |
| ٢٠١٢ | ١٤٧٧٢٠ | ٤٣٧٥ | ٢٩،٦ | ٢٠،٧ |
| ٢٠١٤ | ١٥٦٧١٦ | ٤٥٠٠ | ٢٨،٧ | ٢٢،٩ |
| ٢٠١٦ | ١٦٦٢٦٠ | ٤٦٨٢ | ٢٨،١ | ٢١،٣ |
| ٢٠١٨ | ١٧٥٣٨٣ | ٤٧٩٦ | ٢٧،٣ | ٢٠،٨ |
| **تێکڕا** | - | - | ٣٢،٤ | ١٩،٧ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

(١) بۆ دەرهێنانی ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا (ژمارەی دانیشتوان لەسەرەتای ساڵدا + ژمارەی دانیشتوان لە کۆتای ساڵدا ÷ ٢)

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی چەمچەماڵ، نەخۆشخانەی شەهید پێشڕەو، تۆماری لەدایکبوون ومردوان (٢٠٠٠- ٢٠١٨)، داتای بڵاونەکراوە.

(٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری لەدایکبووانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی (٢٠٠٠ – ٢٠١٨) ، داتای بڵاونەکراوە.


تۆمارەکانی لە دایکبوون بەواتایەکی تر بەشێوەیەکی تاڕادەیەکی باش لەدایکبووان تۆمارکراوە بەبەراورد بەساڵی پێشووتر، هەروەها بەتێڕوانینمان لە خشتەی (١) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت نزمترین ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای چەمچەماڵ دەکەوێتە ساڵی (٢٠١٨)ەوە کە ڕێژەکەی لە هەزاردا (٢٧،٣)بووە، ئەمە سەرباری باشی ڕەوشی تەندروستی و ئابوری دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، هۆکاری ئەم نزمیەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك کە پێشتر ئاماژەیان بۆکراوە، سەبارەت بە پارێزگای سلێمانیش نزمترین ڕێژەی لەدایکبوون کەوتوەتە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە کە ڕێژەکەی لەهەزاردا (١٦،٩)بووە، ئەم ڕێژەیەش کەمە و تاڕادەیەکی زۆر باری ڕاستەقینەی پرۆسەی لەدایکبوون لە پارێزگای سلێمانیدا پیشان نادات بەهۆی ناڕاست و دروستی داتاکانی تایبەت بە لەدایکبوونەوە لەو ساڵەدا، کە کەموکورتیان تێدایە.

سەبارەت بە تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای چەمچەماڵ بەپێی ئەو پێوەرانەی توێژەران دەربارەی بەرزونزمی ڕێژەی لەدایکبوون دایانناوە ئەوا ڕێژەکەی نزمە چونکە:

١. ئەگەر ڕێژەکە لەهەزاردا (٣٠) زیاتربێت ئەوا تێکڕای لەدایکبوون بەرزە.
٢. ئەگەر ڕێژەکە لە هەزاردا (٢٠ بۆ ٣٠) بێت ئەوا تێکڕای لەدایکبوون مامناوەندە.
٣. ئەگەر ڕێژەکە لە هەزاردا (٢٠)کەمتربێت ئەوا تێکڕای لەدایکبوون نزمە (٩).

شێوەی (١)

ڕێژەی لەدایکبوونی قەزای چەمچەماڵ و پارێزگای سلێمانی ( ٢٠٠٠ – ٢٠١٨)




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە خشتەی (١).

لەهەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیدا چەندین هۆکار (فاکتەر) هەن کاریگەرییان هەیە لەســـەر تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون وجیاوازی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتین لە:

١- هاوسەرگیری پێشوەخت:

هاوســەرێتی پێشــوەختە هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی منداڵبوون، چونکە دەبێتە مایەی زیادبوون و درێژبوونەوەی ماوەی پیتداری لەلایەن ژنەوە، هەروەها دیاردەی شــوکرنی پێشــوەختە یەکێکە لە ســیما دیارەکانی پارێزگای سـلێمانی(١٠) ، چونکە تەمەنی نمونەی شـوکردن لەڕوانگەی کوردەوە لەنێوان (١٤ – ١٧) سـاڵیدایە(١١)، ناوچەی لێکۆڵینەوەش وەك بەشـێك لە پارێزگای سـلێمانی ئەم دیاردەیەی بەڕوونی تێدا بەرچاودەکەوێت  هەروەك لە خشـتەی (٢)دا خراوەتەڕوو بۆمان ڕوندەبێتەوە (٧١,٩٪)ی تەمەنی شـوکردوانی قەزای چەمچەماڵ تەمەنیان لەنێوان ( ١٦ – ٢٦) سـاڵیدایە، بێگومان ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە لەســەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوان چونکە هاوســەرگیری لە

( ٩) ابراهيم احمد سعيد، مقدمه فى الجغرافيه البشريه، دار الاوائل للنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠١، ص٢٩.

(٢) خەلیل أسماعیل محمد ، ڕەوشەکانی پیتی وزاوزێ لە پارێزگای سلێمانیدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٢٧، ١٩٩٩، لا١١٨.

(٣) شاکر خەسباك ، ئارستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی ڕوناکبیری، سلێمانی، ١٩٩٩، لا١٩.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تەمەنی (١٨) ساڵیدا دوو بەرامبەر توانای وەچە خستنەوەی هەیە لە هاوسەرگیریەك کە لە تەمەنی (٢٨) ساڵیدا ئەنجامبدرێت[١٢]، ئەگەرچی دیاردەی زوو شوکردن زیاتر لە گوندەکاندا بڵاوە بەڵام لە کاتی ئێستادا ئەم دیاردەیە زۆر پەیوەست نیە بە دانیشتوانی گوندەکانەوە چونکە وەك ئاشکرایە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دانیشتوانی گوندەکان ڕودەکەنە شارەکان و ئەم دیاردەیەش لەگەڵ خۆیاندا دەگوازنەوە بۆ شارەکان.

٢- ڕێژەی پیتی ( نسبة الخصوبة):

پیتی بریتیە لە توانای زاوزێی ئافرەت لە سایەیی هەلومەرجی سروشتیدا، پیتی بۆ دیاریکردنی ڕەوشەکانی گەشەکردنی دانیشتوان توخمێکی بنچینەییە و ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی کۆمەڵگەیە شان بەشانی فاکتەرە بایۆلۆژییەکان[١٣]،ڕێژەی پیتی بەپێی ئەم هاوکێشەیە پێوانە دەکرێت[١٤]:

$$\text{ڕێژەی پیتی} = \frac{\text{ژمارەی منداڵی خوار تەمەن (5) ساڵ}}{\text{ژمارەی ژنانی تەمەن ( 15 بۆ 49) ساڵ}} \times 1000$$

خشتەی (٢)

ژمارەو تەمەنی هاوسەرگیری لە قەزای چەمچەماڵ ساڵی (٢٠١٦)*

| تەمەنی هاوسەرگیری / ساڵ | ژمارەو ڕێژەی هاوسەرگیری | | ژمارەو ڕێژەی هاوسەرگیری | |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | % | مێ | % |
| ١٥ – ٢٠ | ٤٥٣ | ٣٠,٧ | ٥٤١ | **٣٦,٧** |
| ٢١ – ٢٥ | ٤٨١ | ٣٢,٦ | ٥١٩ | **٣٥,٢** |
| ٢٦ – ٣٠ | ٣٥٠ | ٢٣,٧ | ٢٢٣ | **١٥,١** |
| ٣١ – ٣٥ | ١٢٠ | ٨,١ | ٧٣ | **٤,٩** |
| ٣٦ – ٤٠ | ٤٣ | ٢,٩ | ٥١ | **٣,٥** |
| ٤١ – ٤٥ | ١٧ | ١,٢ | ٢٠ | **١,٣** |
| ٤٦ – ٥٠ | ٩ | ٠,٦ | ٤٧ | **٣,٢** |
| ٥١ و زیاتر | ٣ | ٠,٢ | ٢ | **٠,١** |
| کۆی کشتی | ١٤٧٦ | ١٠٠ | ١٤٧٦ | **١٠٠** |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە:

وەزارەتی داد، دادگای بەرای چەمچەماڵ، هۆبەی تۆماری هاوسەرگیری و جیابوونەوە، زانیاری دەربارەی تەمەنی هاوسەرگیری ( ٢٠١٦)، زانیاری بڵاونەکراوە.

* لەبەر نەبوونی داتا تەنها ئەم ساڵە وەرگیراوە.

(٣) جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو. ل٥٩.

(٤) خەلیل أسماعیل محمد ، ڕەوشەکانی پیتی وزاوزێ لە پارێزگای سلێمانیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠-١١١.


(٥) جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو،ل٦٠.

واتە بەپێی ئەم هاوکێشـــەیە پێویســـتمان بەوە هەیەرێژەی (ســـەدی) ئافرەت لەو تەمەنەدا بزانین لەکۆی ژمارەی ئافرەتان، بەڵام دەست کەوتنی ئەم داتایانە کارێکی ئاسان نیە چونکە لە پرۆسەی ئاماری دانیشتوانی ساڵی (٢٠٠٢)و پرۆسـەی گەمارۆسـازی سـاڵی (٢٠٠٩) و تۆمارە ژیارییەکانی تردا ئەم جۆرە داتایانە بونیان نیە و تۆمارنەکراون، بەڵام بەشـــێوەیەکی گشـــتی تەمەنی شـــوکردن کاریگەری زۆری هەیە لەســـەر ژمارەی منداڵبوون، چونکە ئافرەت تا زوتر شوبکات ئەوا هەلی منداڵبوونی زیاتری بۆ دەرەخسێت، وێڕای ئەوەی تەمەنی (٢٠ بۆ ٤٠) ساڵی بۆ مێینە بە بەپێزترین تەمەن دادەنرێت بۆ منداڵبوون[١٥].

بەتێبینی کردن لە خشتەی (٢) بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی ئەو مێینانەی هاوسەرگیریان کردووە لە ساڵی (٢٠١٦)دا لە تـەمەنی منداڵبووندان، ئـەمەش کاریگـەری زۆری هـەیـە لـەســـەر بـەرزبوونـەوەی ژمارەی لەدایکبووان لە قەزای چەمچەماڵدا، بەجۆرێك (٩٩,٩٪)ی ئەوانەی شویانکردووە تەمەنیان لەنێوان (١٥ – ٤٩) ساڵیدایە و توانای منداڵبوونیان بۆ ماوەی ( ٣٠ – ٣٥) ساڵ دەبێت، سەبارەت بە گروپەکانی تەمەنی شوکردوانیش وەك لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو ئەو مێینانەی لە تەمەنی ( ١٠ – ٢٠) ساڵی هاوسەرگیرییان ئەنجامداوە بەپلەی یەکەم دێن و ڕێژەی ( ٣٦,٧٪)ی کۆی تەمەنی شـوکردوانی قەزاکەیان پێکهێناوە، پاشـان لە پلەی دووەمدا گروپی تەمەنی ( ٢١ – ٢٥) سـاڵی دێت بەڕێژەی ( ٣٥,٢٪)ی کۆی تەمەنی شـوکردوان و پلەی سـێیەمیش بۆ گروپی تەمەنی ( ٢٥ – ٣٠) بەڕێژەی (١٥,١٪) کۆی تەمەنی شـوکردوان، کۆتا پلەش بۆگروپی تەمەنی (٥١ ســـاڵ و زیاتر) کە تەنها (٠,١٪)ی کۆی تەمەنی شـــوکردوانی قەزای چەمچەماڵ پێکدێنێت، هەرچەندە ئەم ڕێژانە لە ســاڵێکەوە بۆ ســاڵێکی تر گۆڕانکارییان بەســەردادێت بەڵام بەپێی ئەو داتایانەی ســـاڵی (٢٠١٦) کە وەرگیراوە بۆمان ڕوندەبێتەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا زۆربەی تەمەنی شـــوکردوان دەکەونەوە تەمەنی منداڵبوونەوە و ئەمەش دەرفەتی گونجاوی ڕەخساندووە بۆ بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزاکەدا.

شێوەی (٢)

ڕێژەی شوکردوان بەپێی تەمەنیان لە قەزای چەمچەماڵ ساڵی (٢٠١٦)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٢).

(١٥) خلیل أسماعیل محمد ، قضاء خانقین(دراسه فی الجغرافیه السكان)، المصدر السابق، ص١١٣.

٣- هۆکاری ئایینی:

هۆکاری ئاینی هەمیشـــە کاریگەری هەبووە لەســـەر بەرزونزمی ڕێژەی منداڵ خســـتنەوە لە کۆمەڵگە مرۆییە جیاوازەکانـدا، نـاوچـەی لێکۆڵینـەوەش وەك بـەشــێـك لـە هـەرێمی کوردســـتـان ئـاینی ئیســـلام ئـاینی زۆرینـەی دانیشتوانەکەیەتی، ئاینی ئیسلامیش لەو ئاینانەیە کە کاریگەری دیمۆگرافیایی هەیە، چونکە لەلایەکەوە هانی ژنهێنان دەدات و لەلایەکی تریشـــەوە (منداڵ) لەباربردن بە نەخوازراوو یاســـاغ (حەرام) دادەنێت، هەروەك خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت [وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُمْ خَشْـيَةَ إِمْلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْأً كَبِيراً][١٦] واتە [مندالەکانی خۆتان مەکوژن لە ترسی دابین کردنی ڕسق، ئێمە ڕسقیان ئەدەین وە کوشتنی ئەوان تاوانێکی گەورەیە] وە لەلایەکی تریشـــەوە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (أبغض الحلال عندالله الطلاق)[١٧]واتە نەخوازراوترین حەڵاڵ لەلاەی خودای گەورە بریتیە لە جیابونەوە (تەڵاق)، لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاینی ئیســـلام هاندەری هاوســـەرگیرییەو ڕقی لە جیابوونەوەشـــە، ئەمەش کاریگەری هەیە لەســـەر درێژی ماوەی هاوســـەرێتی وە هەتاوەکو ماوەی هاوســـەرێتی زیاتربێت ئەوا دەرفەتی زیاتری وەچەخســـتنەوە دەرەخســـێت، بەشـــێوەیەکی گشـــتی قەزای چەمچەماڵ وەك تەواوی بەشەکانی تری پارێزگای سلێمانی مۆرکی ئاینی ئیسلام بەسەریدا زاڵە و دانیشتوانەکەی زوو پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دیاردەی فرە ژنی لە ناوچەی توێژینەوەدا بەدیدەکرێت بە تایبەتی لە لادێکاندا، هەروەها جیابوونەوە بەنەریتێکی کۆمەڵایەتی خراپ دادەنرێت و بەچاوێکی خراپەوە تەماشـای ئافرەتی جیابووەوە دەکرێت[١٨].

خشتەی (٣)

هاوسەرگیری و جیابوونەوەی تۆمارکراو لە دادگای چەمچەماڵ لە ماوەی ( ٢٠٠٠ – ٢٠١٨)

| ساڵ | هاوسەرگیری | | جیابوونەوە | | کۆی هاوسەرگیری و جیابوونەوە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ٢٠٠٠ | ١١٢٠ | ٩٤,٥ | ٦٥ | ٥,٥ | ١١٨٥ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٢ | ١١٣٢ | ٩٥,٤ | ٥٤ | ٤,٦ | ١١٨٦ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٤ | ١٣٧٥ | ٩٦,٥ | ٥٠ | ٣,٥ | ١٤٢٥ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٦ | ١٤٥٧ | ٩٤,٧ | ٨١ | ٥,٣ | ١٥٣٨ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٨ | ١٤٣٩ | ٩٢ | ١٢٥ | ٨ | ١٥٦٤ | ١٠٠ |
| ٢٠١٠ | ١٢٥٨ | ٨٨,٣ | ١٦٧ | ١١,٧ | ١٤٢٥ | ١٠٠ |
| ٢٠١٢ | ٢٤٢٢ | ٩١ | ٢٣٥ | ٩ | ٢٦٥٧ | ١٠٠ |
| ٢٠١٤ | ٣١٩٢ | ٨٨ | ٤٣٠ | ١٢ | ٣٦٢٢ | ١٠٠ |
| ٢٠١٦ | ٢٨٧٧ | ٨٧,٨ | ٣٩٨ | ١٢,٢ | ٣٢٧٥ | ١٠٠ |

١٦( ) القرأن الكريم، سوره ألاسراء، ألايه ٣١.

(2) سيد السابق، فقة السنة، المجلد الثانى، باب الكراهية الطلاق، ص٥٤٢.

(1) چراخان نصرالدین صالح، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ جوگرافیا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥، لا٢٠.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٨ | ٣٠٦٣ | ٨٨,١ | ٤١٢ | ١١,٩ | ٣٤٧٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە:

وەزارەتی داد، دادگای بەرای چەمچەماڵ، هۆبەی تۆماری هاوسەرگیری و جیابوونەوە، زانیاری دەربارەی تەمەنی هاوسەرگیری ( ٢٠١٦)، زانیاری بڵاونەکراوە

بە تێڕوانینمان لە خشتەی (٣) بۆمان ڕوندەبێتەوە بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە ( ٢٠٠٠ – ٢٠١٨) ڕێژەی هاوسەرگیری لەنێوان ( ٩٤,٥٪ بۆ ٨٨,١٪) بووە و لەبەرامبەریشدا ڕێژەی جیابوونەوە لەهەمان ماوەدا ڕێژەکەی لەنێوان ( ٥,٥٪ بۆ ١١,٩٪) بووە، هەرچەندە ئەم ڕێژانەش بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە هەڵکشان و داکشانیان بەخۆیانەوە بینیوە بەڵام تاڕادەیەکی زۆرباش پرۆسەی هاوسەرگیری ڕێژەکەی زۆر زیاتر بووە، بێگومان ئەمەش بەهۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ بەرزی ڕێژەی منداڵ خستنەوە ( لەدایکبوون).

٤- ئاستی ڕۆشنبیری:

ئاستی ڕۆشنبیری کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بەرزبونەوەو نزمبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون، بەچەشنێك تاوەکو ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بەرزبێت ڕێژەی منداڵبوون کەمدەبێتەوە، چونکە دایکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار کەمتر توانای دایکایەتی و منداڵبوونی هەیە بەهۆی کارەکەیەوە، بەپێچەوانەوە ئەو دایکانەی هیچ کارێك ناکەن و لەماڵەوەن توانای منداڵبوونیان زۆرترە، لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە پەیوەندییەکی پێچەوانە لەنێوان ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی کۆمەڵگاو توانای منداڵبوون هەیە، سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەبەر ئەوەی ئەوە ماوەیە لێکۆڵینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە بەبەراورد بە ماوەکانی پێشووتر ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی خەڵك بەرزتر بووەتەوە بووەتە هۆی ئەوەی بەشێك لە ئافرەتان خەریکی کارکردنن چ لە دامودەزگا میریەکان بێت یان لە کەرتی تایبەت، لەبەر ئەوە کەمتر توانای منداڵبوون و دایکایەتیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر گرنگی بە تۆمارکردنی منداڵەکانیان دەدەن بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریانەوە، ئەگەر سەیری تۆماری لەدایکبووان بکەین ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت سەرەڕای بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری بەڵام ژمارەی لەدایکبووان هەر بەبەرزی ماوەتەوە[١٩].

### تەوەری دووەم : مردن (الوفيات)

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەو شێوەیە پێناسەی مردن دەکات، کە بریتیە لە کۆتا هاتنی تەواوی دیاردە ژیانیەکانی هەر کەسێك لەهەر کاتێکدا، ئەمەش دوای لەدایکبوونی ئەو کەسە بە زیندوی[٢٠]، مردن دیاردەیەکی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتیە، بۆیە دیاردەیەکی بایۆلۆژییە چونکە ژیانی مرۆڤ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو درێژە دەکێشێت و پاش ئەوەی دەگاتە ئاستێکی تەمەن دەمرێت، هەروەها کۆمەڵایەتیشە لەبەر ئەوەی هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی کاری تێدەکات[٢١]، ڕێژەی مردن لەهەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیدا پەیوەندی تەواوی بە ئاستی بژێوی و گوزەران و داهاتی تاکە کەسەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە ئاستی تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانیشەوە هەیە، بەشێوەیەك لەهەر کۆمەڵگەیەکدا داهاتی تاکە کەس نزمبێت و خزمەتگوزارییە تەندروستیە گشتیەکان لە ئاستی پێویستدا نەبن ئەوا

---

(١) چراخان نصرالدين صالح، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(٢٠) طه حمادی الحديثی، جغرافيه السكان، المصدر السابق، ص٤٦.

(٢١) جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

ڕێژەی مردن بەرزدەبێتەوە وە بەپێچەوانەوە، بەڵام لەباری ئاسایدا بەردەوام ڕێژەی مردن لە ڕێژەی لەدایكبوون كەمترە، لەكاتێكدا ڕێژەی مردن لە ڕێژەی لەدایكبوون زیاتر دەبێت كە (شەڕ، برسێتی، كارەساتی سروشتی وەك بومەلەرزە و لافاو) ڕوبدات، لەبەر ئەوە لێكۆڵینەوە لە مردن گرنگە و ناكرێت پشتگوێ بخرێت بە تایبەتی لەكاتی داڕشتنی سیاسەتی دانیشتوان لەلایەن دەوڵەتەوە و جێبەجێكردنی بەرنامەكانی تەندروستی و زانینی گۆڕانكارییە دیمۆگرافیەكان و ئەوەش پەیوەندی بەم گۆڕانكاریيانەوە هەیە، هەروەها لێكۆڵینەوە لە ڕێژەی مردن و پەیوەندی بەگەشەی دانیشتوانەوە گرنگە چونكە كاریگەری هەیە لەسەر پێكهاتەی تەمەن و جۆر و دابەشبوونی شوێنی دانیشتوان[٢٢]، مردن بەڕەگەزێكی گرنگی گۆڕانی ڕێژەیی دانیشتوان دادەنرێت، چونكە لەدایكبوون هۆكاری زیادبوونی سروشتی دانیشتونە، بەڵام مردن هۆكاری كەمبوونی سروشتی دانیشتوانە، بەواتایەكی تر مردن بە تەواوكەری لەدایكبوون دادەنرێت و گرنگیەكی زۆری هەیە لە توێژینەوەكانی دانیشتواندا و بەبێ زانینی تێكڕای مردن ناتوانرێت گەشە و گۆڕانی دانیشتوان بزانرێت، چونكە جیاوازی نێوان لەدایكبوون و مردن پێیدەگوترێت تێكڕای گەشەی سروشتی دانیشتوان[٢٣].

لێكۆڵینەوە لە ڕێژەی مردن لە هەرێمی كوردستاندا بەگشتی و ناوچەی لێكۆڵینەوە بە تایبەتی هەروەك لەدایكبوون ڕوبەڕوی گرفت و ئاستەنگ دەبێتەوە، چونكە داتا تۆماركراوەكانی مردن لەسەر بنەمای ڕەگەز و تەمەن و هۆكاری مردن و ژینگەی نیشتەجێبوون تۆمارناكرێن، ئەمە سەرباری چەندین ئاستەنگ و كەم وكورتی دیكە كەلەم جۆرە داتایانەدا بوونی هەیە لە گرنگترینیان:

١- نەبوونی بەشی پزیشكی دادوەری (طب العدلي) لەقەزای چەمچەماڵ، ئەمەش وایكردووە هەموو مردنێك لە ناوەندی تۆماری لەدایكبووان و مردوان تۆمارنەكرێت و تەنها ئەوانە تۆماربكرێن كە لە نەخۆشخانەی گشتی ئەم قەزایەوە ڕەوانەی پزیشكی دادوەری سلێمانی دەكرێن.

٢- كەمی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بەتایبەتی لە ناو دانیشتوانی گوندنشیندا، بەشێوەیەك هەست بەگرنگی تۆمارە ژیانییەكان ناكەن.

٣- نەرمی نواندن لە جێبەجێكردنی یاساكاندا و سزا نەدانی ئەو كەسانەی كە (مردوەكان)یان تۆمارناكەن و سەرپێچی دەكەن.

٤- بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراك لەساڵی (١٩٩٧) و ساڵانی دواتردا، تاچەند ساڵێك دواتریش بوویە هۆی ئەوەی بەشێك لە دانیشتوان لە پێناو دەستكەوتنی بڕێكی زیاتر لەبەشە خۆراك مردووەكانیان تۆمارنەكەن.

٥- مردنی منداڵانی تازە لەدایكبوو پێش تۆماركردنی لە تۆمارەكانی لەدایكبووندا، ئەمەش وادەكات بەمردوو تۆمارنەكرێت لەلایەن كەس وكاریەوە.

سەرەڕای ئەو كەموكورتیانەی كە باسیان لێوەكرا، بەڵام هێشتا ئەم داتا تۆماركراوانە كە بوونیا هەیە تاكە سەرچاوەن بۆ لێكۆڵینەوە و دەرخستنی ڕۆڵی مردن لەزیادبوونی سروشتی دانیشتواندا لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا،

---

٢٢() خلیل أسماعیل محمد ، قضاء خانقین(دراسه فی الجغرافیه السکان)، المصدر السابق، ص١٠٣.

(٢٣) شاسوار محمد محمود، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوكان، ماستەر نامە،كۆلێجی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین،٢٠١٣ ، لا٢٦.

بەمەبەستی زانینی تێکرای ڕێژەی مردن، هاوکێشەی تێکرای ڕێژەی مردن بەکارهێنراوە، کە ڕێژەی مردنی دانیشتوان لە هەر ساڵێکدا بەڕێژەی (لەهەزاردا) دەردەخات بەم شێوەیە[٢٤]:-

$$\text{ڕێژەی گشتی مردن} = \frac{\text{ژمارەی مردوانی تۆمارکراوی ساڵێك}}{\text{ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی هەمان ساڵدا}} \times 1000$$

بەبەکارهێنانی هاوکێشــەی (تێکرای ڕێژەی مردن) وەك لە خشــتەی ژمارە (٤) خراوەتەڕوو بۆمان دەردەکەوێت لە قەزای چەمچەماڵ بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە (٢٠٠٠ – ٢٠١٨) ڕێژەی مردن بەرزبونەوەو نزمبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆر کەم، بەشــێوەیەك نزمترین ڕێژەی مردن کەوتووەتە ســاڵی (٢٠٠٢ و ٢٠٠٤)ەوە، کە ڕێژەکەی بریتی بووە (٠،١) لەهەزاردا، لەبەرامبەریشــدا لە پارێزگای ســلێمانیدا کەوتووەتە ســاڵی (٢٠١٠ و ٢٠١٢)وە، کە ڕێژەکەی بریتی بووە لە (٠،٩) لە هەزاردا، هۆکاری نزمی ڕێژەی مردنی تۆمارکراو لە قەزای چەمچەماڵ لەو ســاڵەدا بە بۆچونی توێژەر دەگەڕێتەوە بۆ (پرۆســەی ئازادکردنی عێراق) بەشــێوەیەك پریشــکی ئەو نائارامیەی لە عێراقدا دروستبوو تاڕادەیەکی زۆر هەرێمی کوردستانیشی گرتەوەو کاروباری فەرمانگەکان وەك پێویست بەڕێوەنەدەچوون ئەمەش کاریگەری هەبووە لەســەر ئەوەی هاوڵاتیان وەك پێویســت گرنگیان بەتۆمارکردنی مردووەکانیان نەداوە ئەمە لەلایەك وە لەلایەکی تریشــەوە ناوەندەکانی تۆمارکردنی لەدایکبووان و مردووان وەك پێویســت داتاکانیان تۆمارنەکردووە، بەڵام لەبەرامبەردا بەرزترین ڕێژەی مردنی تۆمارکراو لەقەزای چەمچەماڵ دەکەوێتە ســاڵی (٢٠٠٨)ەوە کە ڕێژەکەی بریتی بووە لە (٠،٦) لە هەزاردا، هۆکاری بەرزی ڕێژەی مردنی تۆمارکراو لەو ســاڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەم وکورتی تۆماری داتای مردوان لە قەزاکەدا، بەڵام لەبەرامبەردا بەرزترین ڕێژەی مردنی تۆمارکراو لە پارێزگای سلێمانیدا دەکەوێتە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە کە ڕێژەکە دەهەزاردا (٢،٩)، هۆکاری بەرزی ڕێژەی مردنی تۆمارکراو لەو ســاڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نائارامیەی بەهۆی پرۆســەی ئازادکردنی عێراقەوە دروســت بوبوو، کە بوە هۆی بەرزبونەوەی ژمارەی مردوان لەلایەك و کەموکورتی جۆری داتا تۆمارکراوەکان لەلایەکی ترەوە، پاشان دوبارە لە ساڵی (٢٠١٦)دا ڕێژەی مردنی تۆمارکراوە لە پارێزگای ســلێمانیدا بەرزبووەتەوە کە بریتی بووە لە (٢،٢) لەهەزاردا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

- ❖ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری دانیشتوان و گرنگیدانی زیاتر بەتۆمارکردنی ناوی مردووان.

خشتەی (٤)

ڕێژەی مردووان لە قەزای چەمچەماڵ و پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠ – ٢٠١٨)

| ساڵ | قەزای چەمچەماڵ | | | پارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا | ژمارەی مردوان | ڕێژە (لەهەزاردا) | ڕێژە (لەهەزاردا) |
| ٢٠٠٠ | ١٠٣٦٠٧ | ٤١ | ٠,٤ | ١,٤ |
| ٢٠٠٢ | ١٠٩٩١٧ | ١٦ | ٠,١ | ٢ |
| ٢٠٠٤ | ١١٦٦١١ | ٢٠ | ٠,١ | ٢,٩ |
| ٢٠٠٦ | ١٢٣٧١٣ | ٣٤ | ٠,٢ | ١,٩ |

٢٤() فتحى محمد ابو عيانه, جغرافيه السكان, طبعة الخامسة, دار النهضة العربية للطباعةو النشر, بيروت, ٢٠٠٠، ص٩٢.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **٢٠٠٨** | **١٣١٢٤٧** | **٧٦** | **٠,٦** | **١,٩** |
| **٢٠١٠** | **١٣٩٢٤٠** | **٥٤** | **٠,٤** | **٠,٩** |
| **٢٠١٢** | **١٤٧٧٢٠** | **٢٧** | **٠,٢** | **٠,٩** |
| **٢٠١٤** | **١٥٦٧١٦** | **٥٠** | **٠,٣** | **١,٦** |
| **٢٠١٦** | **١٦٦٢٦٠** | **٧٩** | **٠,٥** | **٢,٢** |
| **٢٠١٨** | **١٧٥٣٨٣** | **٦٣** | **٠,٤** | **٢** |
| **تێکڕا** | **-** | **-** | **٠,٣** | **١,٨** |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

(١) بۆ دەرهێنانی ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا (ژمارەی دانیشتوان لەسەرەتای ساڵدا + ژمارەی دانیشتوان لە کۆتای ساڵدا ÷ ٢)

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی چەمچەماڵ، نەخۆشخانەی شەهید پێشڕەو، تۆماری لەدایکبوون ومردوان (٢٠٠٠- ٢٠١٨)، داتای بڵاونەکراوە.

(٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری مردوان پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی (٢٠٠٠ – ٢٠١٨) ، داتای بڵاونەکراوە.

❖ هێرشی دوژمنکارانەی (داعش) بۆ سەر عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و لە ئەنجامی بەرنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە لەگەڵیاندا بوویە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە وە پارێزگای سلێمانیش ڕێژەیەکی زۆری لە شەهیدبوونی پیشمەرگە بەرکەوت، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی مردووانی ئەم پارێزگایە بەبەراورد بەساڵانی پێشووتر.

بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە تێکڕای ڕێژەی مردن لە قەزای چەمچەماڵ بریتی بووە لە (٠،٣) لە هەزاردا، ئەگەر ئەم ڕێژەیە بەراورد بکەین بەتێکڕای ڕێژەی مردن لە پارێزگای سلێمانیدا لەهەمان ماوەدا کە ڕێژەکەی بریتی بووە لە (١،٨) لە هەزاردا، ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە ڕێژەی مردن لە قەزای چەمچەماڵ کەمترە بەبەراورد بە پارێزگای سلێمانی، وە ئەگەر ئەم ڕێژانەش بەراورد بکەین بە چەند وڵاتێکی ئەوروپی (وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا) کە وڵاتی پێشکەوتوون لەڕوی تەندروستی و ئابورییەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی مردن لە پارێزگای سلێمانی و قەزای چەمچەماڵ تاڕادەیەك دورە لە ڕاستیەوە چونکە ئەو وڵاتە پێشکەوتووانە تێکڕای ڕێژەی مردن تیایاندا بریتیە لە (٩) لە هەزاردا[٢٥].

کەواتە پارێزگای سلێمانی و قەزای چەمچەماڵ سەرەڕای دواکەوتوویان لەڕوی تەندروستی و ئابوریشەوە بەبەراورد بە وڵاتە پێشکەوتووەکان، بەڵام ڕێژەی مردنیان کەمترە لەو وڵاتە پێشکەوتووانە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی گرنگی زۆر نادرێت بە تۆمارکردنی ئەم جۆرە داتایانە بەشێوەیەك باری ڕاستەقینەی ئەو دیاردەیەی دانیشتوان پیشانبدات و هێشتا کەم وکورتی لەم جۆرە داتایانەدا بوونی هەیە.


---

٢٥() عبد علی الخفاف ، الظاهرة السكانية والتطور الديموغرافی، دار الحريه للطباعه والنشر، بغداد، ١٩٨٦، ص٨٣.

بێگومان چەندین فاکتەری جیاواز هەیە کە کار دەکاتە سەر بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی ڕێژەی مردن لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی ترو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا سەرەڕای کەموکورتی داتا تۆمارکراوەکانی سەبارەت بەمردن لەهەمان کاتیشدا هۆکاری مردنەکان تۆمار ناکرێن، بێگومان بەبێ بوونی ئەم جۆرە داتایانەش توێژەر ناتوانێت ڕاڤەیەکی دروست بۆ هۆکارەکانی مردن بکات و ئەوە دەستنیشانبکات، کە ئایا کام هۆکارانە زیاتر بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن و چ هۆکارێك بەپلەی یەکەم دێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە قەزای چەمچەماڵ هۆکارەکانی وەك ( نەخۆشی، ڕووداوی هاتوچۆ، کێشەی کۆمەڵایەتی، کارەساتی لەناکاو،....) لەڕیزی پێشەوەی ئەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی مردن.

شێوەی (٣)

ڕێژەی مردن لە قەزای چەمچەماڵ و پارێزگای سلێمانی لەنێوان سالآنی (٢٠٠٠- ٢٠١٨)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەخشتەی (٥).

**تەوەری سێیەم : ئاست وتێکڕای زیادبوونی سروشتی**

زیادبوونی سروشتی بریتیە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، کە لەئەنجامی لێدەکردنی ژمارەی مردوانی ساڵێکی دیاریکراو لە ژمارەی لەدایکبووانی زیندووی ئەو ساڵە، واتە ئەم جۆرە زیادبوونەی دانیشتوان، ئەو زیادبوونە نیە کە لەئەنجامی کۆچەوە دروست دەبێت (پوختەی کۆچ)، بەشێوەیەکی گشتی زیادبوونی سروشتی دانیشتوان پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆکارەوە یان بەواتایەکی تر دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکارەوە لەوانە ئاستی ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستیانەی پێشکەش بە ئافرەتان دەکرێت لەکاتی سکپڕی و لەپاش منداڵبوون،ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری ژنان، بەشداریکردنی ژنان لە چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی بەشداریکردنی لە بازاڕی کاردا.

لەلایەکی تریشەوە ڕەوشی تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاستی دید و تێڕوانینیان بۆ خێزان و کۆمەڵگە کاریگەری دەبێت لەسەر زیادبوونی سروشتی دانیشتوان، لەبەر ئەوە هەمیشە زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی هەرکۆمەڵگەیەك دەرەنجامی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەو تاکەکانیەتی، بۆ دەرخستنی تێکڕای زیادبوونی سروشتی سەرەتا پێویستە ئاستەکانی ئەم زیادبوونە بزانین لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا چونکە زیادبوونی سروشتی بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە چوون یەك نیە، پاشان تێکڕای زیادبوونی سروشتی دەستنیشان دەکەین.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**١- ئاستەکانی زیادبوونی سروشتی**

زیادبوونی سـروشـتی دانیشـتوان, کە بریتیە لە جیاوازی نێوان لەدایکبوون و مردن لەقەزای چەمچەماڵ لەماوەی نێوان سالانی (٢٠٠٠-٢٠١٨) لەڕووی ژمارەوە زیادیکردووە، بەشێوەیەك لەساڵی (٢٠٠٠)دا زیادبوونی سروشتی بریتی بووە لە (٤٣٠٩)کەس بەڵام لەســاڵی (٢٠١٨)دا ئەم ژمارەیە زیادیکردووە بۆ (٤٧٣٣)کەس ، وە بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە زیادبوونی سـروشـتی دانیشـتوانی ئەم قەزایە بەرزونزمی بەخۆیەوە بینیووە وەك لە خشـتەی ژمارە (٦)دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٦)

زیادبوونی سروشتی (ژمارەیی) دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (٢٠٠٠- ٢٠١٨)

| ساڵ | ژمارەی لەدایکبووان | ژمارەی مردوان | زیادبوونی سروشتی (ژمارەیی) |
|---|---|---|---|
| **٢٠٠٠** | ٤٣٥٠ | ٤١ | ٤٣٠٩ |
| **٢٠٠٢** | ٣٧٥٠ | ١٦ | ٣٧٣٤ |
| **٢٠٠٤** | ٤٣٢٥ | ٢٠ | ٤٣٠٥ |
| **٢٠٠٦** | ٤٢٢٥ | ٣٤ | ٤١٩١ |
| **٢٠٠٨** | ٤٤٥١ | ٧٦ | ٤٣٧٥ |
| **٢٠١٠** | ٤٠٢٥ | ٥٤ | ٣٩٧١ |
| **٢٠١٢** | ٤٣٧٥ | ٢٧ | ٤٣٤٨ |
| **٢٠١٤** | ٤٥٠٠ | ٥٠ | ٤٤٥٠ |
| **٢٠١٦** | ٤٦٨٢ | ٧٩ | ٤٦٠٣ |
| **٢٠١٨** | ٤٧٩٦ | ٦٣ | ٤٧٣٣ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەهەردوو خشتەی (١) و (٤)

بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە ئاسـتی زیادبوونی سـروشـتی (ژمارەیی) تاڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکە واتە جیاوازی نێوان ژمارەی لەدایکبووان و مرووان زۆرە، ئەمەش بەبۆچوونی توێژەر پەیوەندنی بە کەموکورتی داتا تۆمارەکراوە ژیارییەکان هەیە کە بەشــێوەیەکی راســت و دروســت تۆمار نەکراون و نەیانتوانیوە بارودۆخی ڕاستی ڕەگەزەکانی لەدایکبوون و مردن پیشانبدەن.

**٢- تێکڕای زیادبوونی سروشتی**

سەبارەت بە تێکڕای زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ وەك لە خشتەی ژمارە (٦)دا خراوەتەڕوو، لە ئەنجامی لێدەرکردنی تێکرای ڕێژەی مردن لە تێکڕای ڕێژەی لەدایکبووان بە درێژای ماوەی لێکۆڵینەوە، ئەوا تێکڕای زیادبوونی سـروشـتی دانیشـتوان بریتی بووە لە (٣٢,١) لە هەزاردا، وە بە درێژای ئەو ماوەیەش بەرزونزمی بەخۆیەوە بینیووە، بەشــێوەیەك نزمترین ڕێژە دەکەوێتە ســاڵی (٢٠١٨)ەوە کە ڕێژەکەی تەنها (٢٦,٩) لەهەزاردا بووە، هۆکاری ئەمەش وەك پێشــتر ئاماژەمان بۆ کرد بۆ کەموکورتی جۆری داتاکان (بەتایبەتی داتاکانی تایبەت لە لەدایکبوون) و بەرزبونەوەی ئاســتی هۆشــیاری دەگەڕێتەوە، بەرزترین ڕێژەش دەکەوێتە ســاڵی (٢٠٠٠)ەوە کە ڕێژەکەی (٤١,٥) لەهەزاردا بووە، ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بەنامەی (٩٨٦) ی تایبەت بە (نەوت بەرامبەر بە خۆراك)

لە ساڵی (١٩٩٧)و ساڵانی دواتردا، چونکە خێزانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێژەیەکی زیاتر منداڵیان خستوەتەوەو بەشێوەیەکی ڕێك وپێك لە تۆمارە ژیانییەکاندا تۆمارییان کردوون و دواتریش ناوی مردووەکانیان لەو تۆمارانەدا نەسڕیووەتەوە ئەوەش لەپێناوی وەرگرتنی برێکی زیاتر لەبەشە خۆراك.

ئەگەر تێکڕای زیادبوونی سروشتی لەقەزای چەمچەماڵ بەراوردبکەین بە پارێزگای سلێمانی لەهەمان ماوەدا (٢٠٠٠ – ٢٠١٨)، کە ڕێژەکە لە پارێزگادا بریتیە لە (١٧,٩) لەهەزاردا، بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەکەی قەزای چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی بەرزترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چ لە پارێزگای سلێمانی و چ لەقەزای چەمچەماڵ دا زیادبوونی سروشتی کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوان، چونکە بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەگەر ڕێژەی زیادبوونی سروشتی لەنێوان (١٠ بۆ ٢٠) لەهەزاردا بێت ئەوە مانای ئەوەیە زیادبوونی سروشتی کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوان[٢٦] ، بەپێی ئەو پێوەرەش ڕاستە زیادبوونی سروشتی کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوان، بەڵام بە ئاستێکی لاواز، ئەمەش بەو واتایە نا کە زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لاوازبێت، بەڵکو پەیوەندی بەڕاست ودروستی داتا تۆمارکراوە ژیارییەکان هەیە، بەشێوەیەك ئەم داتایانە نەیانتوانیووە بارودۆخی ڕاستەقینەی زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕونبکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە داتایانە سەرچاوەی سەرەکین بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە.

خشتەی (٦)

تێکڕای زیادبوونی سروشتی لە قەزای چەمچەماڵ و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠٠٠ – ٢٠١٨)

| ساڵ | قەزای چەمچەماڵ | | | پارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی لەدایکبوون (لەهەزاردا) | ڕێژەی مردن (لەهەزاردا) | تێکڕای زیادبوونی سروشتی (لەهەزاردا) | تێکڕای زیادبوونی سروشتی (لەهەزاردا) |
| **٢٠٠٠** | ٤١،٩ | ٠,٤ | ٤١,٥ | ١٨,٩ |
| **٢٠٠٢** | ٣٤ | ٠,١ | ٣٣,٩ | ١٧,٥ |
| **٢٠٠٤** | ٣٧ | ٠,١ | ٣٦,٩ | ١٥,٨ |
| **٢٠٠٦** | ٣٤ | ٠,٢ | ٣٣,٨ | ١٦,١ |
| **٢٠٠٨** | ٣٤ | ٠,٦ | ٣٣,٤ | ١٥,٣ |
| **٢٠١٠** | ٢٩ | ٠,٤ | ٢٨,٦ | ١٧,٥ |
| **٢٠١٢** | ٢٩،٦ | ٠,٢ | ٢٩,٤ | ١٩,٨ |
| **٢٠١٤** | ٢٨،٧ | ٠,٣ | ٢٨,٤ | ٢١,٣ |
| **٢٠١٦** | ٢٨،١ | ٠,٥ | ٢٧,٦ | ١٩,١ |
| **٢٠١٨** | ٢٧،٣ | ٠,٤ | ٢٦,٩ | ١٨,٨ |
| **تێکڕا** | ٣٢,٤ | ٠,٣ | ٣٢,١ | ١٧,٩ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەکانی (١) و (٤).

(٢٦) شاسوار محمد محمود، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان، سەرچاوەی پێشوو، لا٣١.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## دەرئەنجام و ڕاسپاردە

### یەکەم: دەرئەنجام

دوای ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکرێت دەرئەنجامەکان لەچەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:

١- تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون لەقەزای چەمچەماڵ بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە بریتی بووە لە (٣٢،٤) لەهەزاردا، ئەم ڕێژەیەش بەپێی ئەو پێوەرانەی توێژەرانی ئەم بوارە دایانناوە تێکڕایەکی بەرزە، واتە تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون لەم قەزایەدا لە ئاستێکی باشدایە.

٢- چەندین هۆکاری وەك (هاوسەرگیری پێشوەخت، پیتی، هۆکاری ئاینی، ئاستی خوێندەواری) کاریگەرییان هەبووە لەسەر زیاد وکەمی ڕێژەی لەدایکبوون وە لەناو ئەو هۆکارانەشدا (هاوسەرگیری پێشوەخت) کاریگەری باشی هەبووە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوون، بەشێوەیەك بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە (٩٩,٩٪)ی شوکردوان لەتەمەنی منداڵبووندابوون.

٣- تێکڕای ڕێژەی مردن لە قەزای چەمچەماڵ بریتی بووە لە (٠،٠٣) لەهەزاردا، ئەگەر ئەم ڕێژەیەش بەراورد بکەین بە وڵاتە پێشکەوتووەکان، کەڕێژەی مردن تێیاندا نزیکەی لەهەزاردا (٩)یە، بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی مردن لەم قەزایەدا زۆر کەمترە لەو وڵاتانە، دووبارە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کەموکورتی داتا تۆمارکراوەکانی (مردن) لەلایەن فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی ئەو قەزایەوە.

٤- تێکڕای زیادبوونی سروشتی دانیشتوان بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە لە قەزای چەمچەماڵ بریتی بووە لە (٣٢,١) لەهەزاردا، واتە زیادبوونی سروشتی دانیشتوان کاریگەرییەکی باشی هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوانی قەزاکە.

### دووەم: راسپاردە

١. کردنەوەی تۆمارەکانی لە دایکبوون و مردن لە هەموو یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

٢. کردنەوەی فەرمانگەی پزیشکی دادوەری لە ناوچەی توێژینەوە.

٣. بە ئەلیکترۆنیکی کردنی داتا بەردەستەکانی لەدایکبوون و مردن، تا بە ئاسانی بتوانرێت سودیان لێ وەربگیرێت لەلایەن لایەنە پەیوەندی دارەکانەوە و لە لەناوچوونیش بپارێزرێت.

٤. ڕێگریکردن لە دیاردەکانی بەشودانی زۆرەملێ، ژن بە ژن، بەشودانی کچ لە تەمەنی زۆر کەم . .

٥. باشکردنی باری ئابوری هاوڵاتیان و دابەشکردنەوەی خزمەتگوزارییە بنەرەتییەکان بەسەر هەموو ناوچەکانی قەزاکەدا بەبێ جیاوازی.

### سەرچاوەکان


القرأن الكريم، سورة ألاسراء، ألاية ٣١.

یەکەم : سەرچاوە کوردییەکان :

أ- **کتێب** :

١. جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ١٩٩٩ .

٢. شـاكر خەسـباك، ئارسـتەی گشـتی پەرەسـەندنی دانیشـتوانی لیوای سـلێمانی، وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی ڕوناكبیری، سلێمانی، ١٩٩٩.

**ب- تێزی زانستی :**

١. چراخان نصرالدین صالح، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان)، نامەی ماستەر، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان، بەشی جوگرافیا، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

٢. شـاسـوار محمد محمود، شـیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ دانیشـتوانی قەزای دوكان، ماسـتەر نامە،كۆلێجی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین،٢٠١٣.

**پ- گۆڤارە زانستەییەكان :**

١. خەلیل أسـماعیل محمد ، ڕەوشـەكانی پیتی وزاوزێ لە پارێزگای سـلێمانیدا، گۆڤاری سـەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٢٧، ١٩٩٩.

**ت- دام و دەزگای حكومی :**

١. حكومەتی هەرێمی كوردسـتان، وەزارەتی تەندروسـتی، بەڕێوەبەرایەتی گشـتی تەندروسـتی چەمچەماڵ، نەخۆشخانەی شەهید پێشڕەو، تۆماری لەدایكبوون و مردوان (٢٠٠٠- ٢٠١٨)، داتای بڵاونەكراوە.

٢. حكومەتی هەرێمی كوردسـتان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سـلێمانی، ئاماری لەدایكبووانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی (٢٠٠٠ – ٢٠١٨) ، داتای بڵاونەكراوە.

٣. وەزارەتی داد، دادگای بەرای چەمچەماڵ، هۆبەی تۆماری هاوسـەرگیری و جیابوونەوە، زانیاری دەربارەی تەمەنی هاوسەرگیری ( ٢٠١٦)، زانیاری بڵاونەكراوە.

٤. حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتـان، وەزارەتی پلانـدانـان، بـەڕێوەبـەرایـەتی ئـامـاری سـلێمـانی، ئـامـاری مردوان پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی (٢٠٠٠ – ٢٠١٨) ، داتای بڵاونەكراوە.

٥. حكومەتی هەرێمی كوردسـتان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سـلێمانی، ئاماری لەدایكبووان و مردوانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی (٢٠٠٠ – ٢٠١٥) ، داتای بڵاونەكراوە.

٦. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی نەخشەسازی و GIS، نەخشەی قەزای چەمچەماڵ بەپێی هەرێمی كوردستان و عێراق، ٢٠١٨.

٧. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی نەخشەسازی و GIS، نەخشەی بنەڕەتی قەزای چەمچەماڵ و یەكە كارگێڕییەكانی، ٢٠١٨.

**دووەم : سەرچاوە عەرەبییەكان :**

أ- **كتێب** :

١. ابراهیم احمد سعید، مقدمه فی الجغرافیه البشریه، دار الاوائل للنشر والتوزیع، دمشق، ٢٠٠١.

٢. جزا توفیق طالب، المقومات الجیوبولتیكیه للأمن القومی فی أقلیم كوردسـتان، مركز كردسـتان للدراسـات الأستراتیجیه، السلیمانیه، ٢٠٠٥.

٣. خلیل أسـماعیل محمد ، قضـاء خانقین(دراسـه فی الجغرافیه السـكان)، منشـورات مركز كردسـتان للدراسـات الاستراتیجیه، السلیمانیه،٢٠٠٢.

٤. سيد السابق، فقة السنة، المجلد الثانى، باب الكراهية الطلاق.
٥. طه حمادى الحديثى، جغرافيه السكان، دار الكتب للطباعه والنشر، موصل، طبعه ثانيه، ٢٠٠٠.
٦. عبد على الخفاف ، الظاهرة السكانية والتطور الديموغرافى، دار الحريه للطباعه والنشر، بغداد، ١٩٨٦،
٧. فاضل الأنصارى، سكان العراق دراسه الديموغرافيه – جغرافيه مقارنه، ط١، دمشق، ١٩٧٠.
٨. فتحى محمد ابو عيانه, جغرافيه السكان, طبعه الخامسه, دار النهضه العربيه للطباعه و النشر, بيروت, ٢٠٠٠.
٩. فوزى سهاونه و موسى عبوده سمحه، جغرافيه السكان، دار الوائل للنشر،عمان، ٢٠٠٣.

**ب- تێزی زانستی :**

١. انعام سمير محى العبادى، (قضاء المدائن) دراسه فى جغرافيه السكان ١٩٧٧-١٩٩٧، رساله ماجستر، كليه التربيه، جامعه بغداد، ٢٠٠٢.